# عێراق له‌ رۆژنامه‌كانی به‌ریتانیادا

ئا: محه‌مه‌دی مشیر

**هاوردنی سه‌ربازی زیاتر رێگه‌ چاره‌نییه‌**

رۆژنامه‌ی "ئیندیپێندت"ی, رۆژی شه‌ممه‌ی رابردوو 20/ 1 لاپه‌ڕه‌ی یه‌كه‌می ته‌رخانكردبوو بۆ دوایین قوربانیانی جه‌نگ له‌ عێراقدا, له‌ راپۆرتێكدا كه‌ (پاتریك كۆكبرن) نووسیویه‌تی و باس له‌ كوشتنی (ئه‌ندریا بارهامۆڤیتش) ده‌كات, كه‌ ئه‌ندامه‌ له‌ كۆمه‌ڵه‌یه‌كی سڤیل, له‌گه‌ڵ دوو له‌ پاسه‌وانه‌كانی له‌ بۆسه‌یه‌كدا كه‌ هه‌فته‌ی رابردوو له‌ شاری به‌غدا ئه‌نجامدرابوو, نووسه‌ر ده‌ڵێ: "ئه‌م رووداوه‌ پێویسته‌ ده‌سه‌ڵاتدارانی ئه‌مریكا هانبدات تا دووباره‌ بیربكه‌نه‌وه‌ له‌وه‌ی كه‌ سه‌ربازی زیاتر بنێرنه‌ نێو ریزی هێزه‌كانی عێراق له‌ به‌غدا, چونكه‌ راپرسییه‌كان ئاماژه‌ به‌وه‌ ده‌كه‌ن كه‌ له‌ كۆی (پێنج) كه‌س له‌ پایته‌ختدا (چوار)یان پشتگیری له‌و چالاكییه‌ سه‌ربازییانه‌ ده‌كه‌ن كه‌ دژی ئه‌و هێزانه‌ ئه‌نجام ده‌درێن كه‌ ئه‌مریكا سه‌ركردایه‌تیان ده‌كات".

نووسه‌ری راپۆرته‌كه‌ له‌و باوه‌ڕه‌دایه‌ كه‌ "كۆنترۆڵی گروپه‌ چه‌كداره‌كان به‌سه‌ر به‌غدای پایته‌ختدا تا ئه‌و راده‌یه‌ ته‌شه‌نه‌ی كردووه‌ كه‌ سه‌رۆك بوش ناتوانێ هێزی پێویست بنێرێ تاكو به‌رپه‌چیان بداته‌وه‌, چونكه‌ بڵاوكردنه‌وه‌ی ژماره‌یه‌كی پێویستی هێزه‌ چه‌كداره‌كان له‌ به‌غدادا ناردنی سوپایه‌كی گه‌وره‌تری گه‌ره‌كه‌ له‌وه‌ی ئه‌مریكا ده‌توانێ بینێرێ"..

سه‌باره‌ت به‌ فشاری ئه‌مریكا له‌سه‌ر حكومه‌ته‌كه‌ی مالیكی به‌وه‌ی كه‌ پێویسته‌ به‌رپه‌رچی بزاڤه‌ چه‌كدارییه‌ شیعه‌كان بداته‌وه‌, نووسه‌ر وایده‌بینێ كه‌ "ئه‌گه‌ر واشنتۆن چیتر پاڵپشتی ئه‌م حكومه‌ته‌ نه‌كات و حكومه‌تێكی میانڕه‌و بێنێته‌ سه‌ركار, ئه‌مه‌ ئه‌وه‌ ده‌گه‌یه‌نێ كه‌ ئه‌مریكا نكوڵی له‌ سندوقه‌كانی ده‌نگدان ده‌كاو حكومه‌تێك دێنێته‌ سه‌ر كار كه‌ هیچ ره‌وایه‌تییه‌كی نییه‌ له‌لای عێراقییه‌كاندا"..

**"گۆگل-یش یارمه‌تی سوپای به‌ریتانیا ده‌دات"**

رۆژنامه‌ی (ده‌یلی ته‌لگراف) شه‌ممه‌ی رابردوو راپۆرتێكی (تۆماس هاردینگ)ی بڵاوكردۆته‌وه‌, كه‌ په‌یامنێری رۆژنامه‌كه‌یه‌و نووسه‌ر له‌ كاروباری سه‌ربازییدا, باس له‌وه‌ ده‌كات كه‌ " "ناودار پێویسته‌ ئاماژه‌كانی له‌سه‌ر ئه‌و نه‌خشانه‌ بشارێته‌وه‌ كه‌ په‌یوه‌ستن به‌ بنكه‌كانی هێزه‌كانی به‌ریتانیا له‌ عێراقدا له‌ ترسی په‌لاماردانیان.

ئه‌م راپۆرته‌ ئاماژه‌ به‌وه‌ ده‌كا كه‌ دوای دانوستانی له‌گه‌ڵ ده‌سه‌ڵاتدارانی به‌ریتانیا, (گه‌ڕانی گۆگڵ) بڕیاریداوه‌ ئاماژه‌كان بشێوێنێ چونكه‌ مانه‌وه‌ی ئه‌و ئاماژانه‌ له‌سه‌ر نه‌خشه‌كان یارمه‌تی بزووتنه‌وه‌ چه‌كداره‌كان ده‌كه‌ن له‌ ئه‌نجامدانی هێرشی سه‌ربازی بۆ سه‌ر بنكه‌كانی هێزه‌كانی به‌ریتانیا, ئه‌مه‌و رۆژنامه‌كه‌ رایگه‌یاندووه‌ كه‌ هه‌فته‌ی رابردوو هێزه‌كانی به‌ریتانیا له‌ شاری به‌سره‌

ئەندامێکی یەکێك لەو گروپە چەکدارانەی دەستگیرکردووە کە نەخشەی یەکێ لە بنکەکانی بەریتانیای لە (شەتولعەرەب) پێبووە.

**"حکومەتی بەریتانیا تاوانباری جەنگە"   independut ( ئیندیتیپندنت)**

ژمارە رۆژی (20/ 1)ی رۆژنامەی (ئیندینپتد)ی بەریتانی ئەو نامەیە دەخاتەڕوو کە وەزیری پەرەپێدانی نێودەوڵەتی (هیلاری بن) لە وەڵامی راپۆرتێکی پێشتری رۆژنامەکەدا, ناردبووی سەبارەت بە مردنی منداڵان لە نەخۆشخانەکانی عێراقدا بەهۆی کەمی پێداویستی پزیشکی کە تێچووی هەندێ لەو پێداویستیانە تەنها یەك جونیەهی ئوستەرلینیە.

رۆژنامەکە نیگەرانی وەزیری بەریتانی راگەیاندووە سەبارەت بە ناوەڕۆکی راپۆرتەکەو, وەزیری ناوبراو لە نامەکەیدا دانی بەوە ناوە کە هەندێ گیروگرفت هەن رێگرن لە بەردەم چاودێریکردنی بڕی ئەو پێداویستییانەی بۆ نەخۆشخانەکانی عێراق تەرخان دەکرێن.

هەروەها بەڵێنی داوە بڕی پێداویستییەکان وەکو خۆی دابەش بکرێت, لەلایەکی دیکەدا رۆژنامەکە ئەو نامە کراوەیە دێنێتەوە یاد کە نزیکەی (100) پزیشکی بەریتانی واژوویان کردووەو بەرپرسانی بەریتانیو ئەمریکی تۆمەتبار دەکەن بەوەی کە پێشێلی بەڵێنامەکانی ژنێفی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤیان کردووەو, لەمبارەیەوە رۆژنامەکە وتەی (بیل بۆرینگ)، شارەزا لە یاسای نێودەوڵەتی) بڵاوکردۆتەوە, کە یەکێکە لەوانەی نامە کراوەکەیان واژوو کردووەو دەڵێ: (رەنگە بەریتانیا بەپێی بەڵێننامەی چوارەمی ژنێف بە ئەنجامدانی تاوانی جەنگ تۆمەتبار بکرێت, چونکە وەکو پێویست چارەسەری منداڵانی نەکردووەو لە چارەسەرکردنیان دواکەوتووە".

شایانی باسە واژووکارانی نامە کراوەکە داوا دەکەن هەرچی زووتر کار بکرێت بۆ رزگارکردنی منداڵان لە مردن، بەوەی کە بڕی ئەو 2 ملیار دۆلارەی کە لە سندوقەکانی ئۆرگانی تەندروستی عێراقیدا دیار نەماوە دابین بکرێت.

**"دەیانەوێ بمانتۆقێنن"**

لە وتارێکی رائامێزدا, کە هەمان ژمارەی رۆژنامەی "ئیندیپێند" بە واژووی (رۆبرت فیسك) بڵاویککردۆتەوە, کە تیایدا هەریەك لە وەزیری ناوخۆی بەریتانیا (کە بە نازناوی –دکتۆری مردن) ناوی دەبات و, سەرۆك وەزیران (تۆنی بلێر)و, وەزیری پێشووی دەرەوە _جاك سترۆ– تۆمەتبار دەکات بەوەی کە هەوڵدەدەن خۆرئاوا لە ترسێکی بەردەوامدا بژیت, فیسك لە وتارەکەیدا دەپرسێ: ئایا چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد لە گەڵ عێراق کە پێشوازی لەو ئازادییە بکات کە ئێمە بۆ ئەوانمان هێنا؟ لە وەڵامی پرسیارەکەشیدا دەڵێ: "لە جەرگەی کاولکاریدا "(کە بەرهەمی ئابلۆقەی ئابووری بوو بۆ سەر عێراق) جگە لە یاخیبوونی چەکدارانەو کینە هیچی تر بەرهەم

نایەت, کە ئێستا وڵات پارچە پارچە دەکاتو, ویلایەتی هەردوو سەرۆکی ئەمریکاو سەرۆکی حکومەتی بەریتانیاش هەڵدەتەکێنێ"..

ئەمەو نووسەر لە توانجێکیدا بۆ لێدوانەکانی وەزیری ناوخۆی بەریتانیا, کە تێیدا گوتبووی "شەڕی دژە تیرۆر, ڕەنگە ماوەی نەوەیەك درێژە بکێشێ" دەڵێ: ئەمانە ئەو وشانەن کە بەرەو داهاتوو ئامادەمان ناکەن, بەڵکو پاکانەی شکستن لەو کاتەدا هاتوو کرداری تیرۆریستی وەك ئەوەی بەر لە دووساڵ لەندەنیان هەژاند, بێنە جێبەجێکردن"..

سەرچاوە: بی .بی .سی